# شێخ عەبدولقادری تاڵەبانی
# (فائیز – فائض)
## (١٢٥٠ – ١٣١٥ك)، ١٨٣٤ – ١٨٩٧ز

نزار محەمەد
(کەرکووک)

**ژیانی**

شاعیر کوڕی ناوەنجیی شێخ عەبدولڕەحمانی (خالس)ـە و لە شێخ ڕەزای براشی چوار ساڵ گەورەترە.

ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی لە کەرکووک لەدایکبووە و تەمەنی شەست و پێنج ساڵەی بە تەواوەتی لەم شارەدا گوزەراندووە، ساڵی ١٣١٥ک کۆچی دوایی کردووە.

ناوی بنەڕەتیی عەبدولقادرە و لە شیعردا نازناوی (فائض)ی بەکارهێناوە. لە قوتابخانەی سەردەمی خۆیدا لە کەرکووک خوێندوویەتی و شاعیرێکە بە زمانی تورکی، کوردی، فارسی، عەرەبی، دەستی بەسەر ئەدەبیاتدا گرتووە.

ژیانی بە سادەیی و بە بێگەردی بەسەر بردووە. هەر ڕۆژێک دوای تەواوکردنی نوێژی جەماعەت لە تەکیەدا بەرەو ژوورەکەی دەگەڕێتەوە، بەتەنیایی عیبادەتی خۆی دەکات و لە دەست بەتاڵیشدا کاتەکانی بە ئەدەبیاتەوە بەسەردەبات و خۆی بە شیعرەوە سەرقاڵ دەکات. سەردەمانێکیش خەریکی وانەوتنەوە بووە، بە تایبەتی کە کتێبی فارسیی (کتاب پریشان)ی بە وانە بە (غولامی)ی شاعیر وتووەتەوە.

ئەوەی زانراوە فائیز لە قەناعەتیکی تەواودا ژیاوە و ئەو غەزەلەی کە بەم دەستپێکە دەست پێ دەکات:

**نه کسب مال ایچون سعی و نه جاهه رغبتم واردر**

قناعت چوق یشاسون سایەسندە راحتم واردر

واتاکەی:

نە بۆ دەسکەوتی موڵکومـاڵ تێدەکۆشـم و نـە بۆ پلەوپایـە ئـارەزووم هەیـە

هـەر بژیـت قەناعـەت کە لە سـایەیدا ئاسـوودەییم هە یە

بـە تەواوەتـی لەگـەڵ ژیانیـدا گونجـاوە. روونـە کـە تێکـڕای تەمەنـی گرنگـی بـە نیعمەتەکانـی دنیا نـەداوە، لـەم ڕووەوە بـە هیـچ شـێوەیەک نەبینـراوە کـە لـە ڕێـی ڕاسـتی باوکـی لابـدات، بـەم دۆخـەوە لـە منداڵییـەوە کەسـێکی خۆشەویسـت بـووە.

## حیکایەتەکانی

فائیـز لـە تـەک مەناقیبەکانیـدا (خەسـڵەتە پەسـەند و چاکەکانیدا) حیکایەتی ئەدەبیشـی هەیە، لـە هـەردوو جۆرەکـە نموونەیـەک دەخەینـەڕوو:

بـە پێـی گێڕانـەوەکان فائیـز کاتێـک کـە باڵـغ دەبێـت، ئـەو کـەوا و سـەڵتەیەی کـە لەبەریەتـی زۆر کـۆن بـووە و لای ئەژنۆیـەوە دڕاوە، بۆیـە بـە دایکی دەڵێت کـە چـۆن بـە باوکـی بڵێـت کـەوا و سـەڵتەیەکی نوێـی بـۆ بکڕێـت.

دایکیشـی بـەو شـێوەیە ئامـۆژگاری دەکات کـە بچێتـە کـۆڕی دانیشـتنی باوکییـەوە و هەرچۆنێـک بێـت لایـە دڕاوەکـەی کـەوا و سـەڵتەکەی پـێ پێشـان بـدات، فائیزیـش بـەو شـێوەیە ڕەفتـار دەکات و باوکـە لێهاتووەکەیشـی کـە لـە دۆخـی کوڕەکـەی ورد دەبێتـەوە، دەڵێـت کـوڕم، شـەرەف و گرنگیـی مـرۆڤ بـە جلوبەرگـی نـوێ زیـاد نـاکات، نرخـی ڕاسـتەقینەی مـرۆڤ تەنیـا و تەنیـا بـە ڕەسـەنی، بـە زانسـت و ئاکارییـەوە دەقەبڵێنرێت. شـەرەفی ئـەوەت بـەس نییـە کـە کـوڕی شـێخ عەبدولڕەحمانیـت؟

فائیـز بـێ ئـەوەی بـە دەنـگ بێت، خـەم و ئـازاری خـۆی خـواردەوە و باوکـی بەجـێ هێشـت. باوکـی بەبەزەیـی ئـەم جارەیـان مەشـخەڵی هەڵچـووی دڵـی بۆ ڕانەگیـرا و بانگـی کوڕەکـەی کـرد و بـە پیاوەکانـی خـۆی وت کـە لـە کوتاڵـی گرانبەهـا یـەک کـەوا و سـەڵتەی بـۆ بـە دوورین بدەن. ئەو ڕۆژەی کە کەوا و سـەڵتەکە تـەواو دەبێـت بـە پێـی ڕێوڕەسـمی کـۆن بـۆ دوکانـی بەرگدرووەکـە دەچێـت و لـەوێ کـەوا و سـەڵتە نوێکـە لەبـەر دەکات و کۆنەکـەش دەکاتـە نـاو بوخچەیەکـەوە و بـۆ ماڵـەوە دەگەڕێتـەوە. لـە ڕێگـە زەلامێـک دەبینێـت کـە لەلایـەن جەندرمـەوە گیـراوە و بـە زۆر ڕاپێچـی دەکـەن، کـە لێـی نزیـک دەبێتـەوە، پرسـیاری کێشـەکەی لـێ دەکات، ئـەو زەلامـەش لەبـەر ئـەوەی قـەرزی لەسـەرە و نەیداوەتـەوە، بـۆ زیندانـی دەبـەن. بـۆ ئـەوەی منداڵەکانـی ڕەزیـل و سـەفیل و پەرێشـان نەمێننـەوە و خـۆی بـۆ دۆخـی ئـەو بێچارەیـە پێڕانەگیـرا و جلـە نوێکـەی لەبـەر خـۆی داکەنـد و دایـە زەلامەکـە بـۆ ئـەوەی بیفرۆشـێت و قەرزەکـەی پـێ بداتـەوە، بۆ خۆیشـی دیسـانەوە جلە کۆنـەی لەبەرکـردەوە و چـووەوە بـۆ لای باوکـی کـە باوکـی بـە جلـە کۆنەکەیـەوە دەیبینێـت پرسـیاری ئـەوەی لـێ دەکات کـە بۆچـی بـۆ لای بەرگدرووەکـە نەڕۆیشـتووە و جلـە تازەکـەی لـێ وەرنەگرتـووە، ئەویـش بـە وردی مەسـەلەکەی بۆ بـاس دەکات، شـێخ عەبدولڕەحمـان بـەم کارە فیداکارانەیـەی کوڕەکـەی لـە ناخـەوە مووچڕکـی خۆشـیی پێـدا دێـت و تونـد بـە سـینگی خۆیـەوە دەیگوشـێت و دەسـتی مـاچ دەکات.

بـە ڕێکەوتێکـی سـەیر، دوای ڕۆژێـک یـەک لـە موریدەکانـی شـێخ هەمـان کـەوا و سـەڵتەی بـە دەسـتەوەیە و بـۆ تەکیەکـە دێـت، دەڵێـت یـا شـێخ دوێنـێ ئـەم کـەوا و سـەڵتەیەم لـە بـازاڕ بینـی و منیـش کڕیـم. ئەگـەر لوتـف بکەیـت وەک خەڵاتێکـی بچـووک دەیدەمـە عەبدولقادر(فائیـز) و داواکارم قبووڵـی بفەرمـووی!.

ئـەو کاتـە شـێخ عەبدولڕەحمان کەوا و سـەڵتەکە وەردەگرێـت و سـەیری فائیـز دەکات و دەڵێـت کـوڕم، ئـەوەی لـە ڕێگـەی خـودادا ببەخشـێت

داماو (هەژار) نامێنێتەوە. بەرانبەر بەوەی زۆر حیکایەت و بەسەرهات لەم ڕووەوە لەبارەی شاعیرمانەوە هەیە.

لە ڕووی چۆنیەتی ئەدەبیشەوە بەم چیرۆکە بچووکە کۆتایی پێ دێنین:

فائیز هێشتا لە تافی لاویدا دەبێت، لە کەرکووک بەبەردەم قاوەخانەیەکدا ڕەت دەبێت، گوێی لە دەنگی سەمتوور ژەندن دەبێت و لەوێ دادەنیشێت و گوێی بۆ ڕادەدێرێت، باوکی کە بەمە دەزانێت زۆر پێی کاریگەر دەبێت و لە ناخەوە ئازار دەچێژێت، فائیزیش یەکسەر ئەم دێڕە شیعرەی بە زاردا دێت:

**مظهر لطف الهی اولمق ایسترسن اگر**

**بی تكلف باص قدم موسی گبی سن – طوره گل**

واتاکەی:

ئەگەر دەتەوێت ببیتە مایەی دەرکەوتەی لوتف (نەرم و نیان)ی خودایی.

بێ زەحمەتی وەک مووسا پێی لێبنێ و وەرە بۆ توور (کێوی توور)

بەم شێوەیە باوکی زۆر خۆشیی هات بە ڕەگەزدۆزی (جیناس)ی دەستەواژەی (سنطوره گل — تۆ وەرە بۆ توور) و لە وەڵامدا هیچی بۆ نەمایەوە و بەو شێوەیە لە کوڕەکەی خۆش بوو.

### لە خولگەی شیعرەکانییەوە

فائیز، لە کەرکووکدا بەپلەی یەکەمی شاعیرانمان لە قەڵەم دەدرێت، هێشتا لە مێژووی ئەدەبیاتی تورکیدا شوێنی خۆی نەگرتووە و لە تافی لاویدا بووە کە دەستی بە شیعر وتن کردووە و زۆر هەڵبەستی ڕەونەقداری هۆنیوەتەوە. شیعرەکانی بێخەوش و ڕەوانن. فائیز لە ڕووبەری مەملەکەتماندا لە شیعری تورکیدا جوانترین نموونەی خستووەتەڕوو، گشت شیعرەکانی لە هەموو کاتێکدا لەگەڵ وتەی خۆماڵی و قسەی ڕۆژانەدا جێگەی خۆیان گرتووە و لەگەڵ چێژی خەڵکیدا دەست لە ملان بوون، بە تایبەتی ئەو میسراعە شیعرییە کورتانەی بە زاری ڕەمەکی خەڵک هۆنیونی، لە فەزای گۆرانییە کورت و قۆریاتەکاندا، گرنگیی خۆیان هەیە.

ئەو شیعرانەی کە لەگەڵ (سافی)ی یەک لە شاعیرانی هاوچەرخی، بە بیانوویەکی باش هۆنیویانەتەوە، لەو پارچە شیعرانەن کە بە چێژەوە دەخوێنرێنەوە و لە میانەی شیعرگەلدا جێگەی خۆیان گرتووەتەوە. ئەم پارچە شیعرە جوانە (واتە ئەو پارچە شیعرەی کە لە وەڵامی سافیی شاعیردا هۆنیویەتییەوە — وەرگێڕ) هەم بە شێوازی چامە، واتە هەر دێڕێک سەروادار دەبێت، هەم بە شێوازی موسەممەت، واتە بەو پێیەی هەر دێڕێک دەتوانرێت بەسەر چوار بەشی یەکساندا دابەش بکرێت و لە هەر دێڕێکدا سێ سەروا هەیە، ئەوەش بە سەختترین شێوازی ئەدەبیاتی دیوان هۆنراوەتەوە.

بێجگە لەوەش (فائیز) لە (بەهارییە) زیندووەکەیدا، بەو دیمەنە ڕەسەنانەی کە خستوونیەتەڕوو، سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، کە وەک هاوشێوەیەک لەگەڵ (ڕەبیعییە) بەناوبانگەکەی شاعیری ناوداری تورک (نەفعی) هۆنیویەتەوە، لەمەدا عەشقی سۆفیگەرایی لە ڕێگەی مەجازەوە دەربڕیوە.

هەروەک چۆن لە پاش خۆیەوە، کاریگەریی زۆری بەسەر شاعیرانی دیوانی کەرکووک بەجێ هێشتووە، ئاوهاش هەژموونی قووڵی بەسەر ئەو شاعیرە کوردانەوە هەبووە کە شارەزای کولتووری تورک بوون، لەم میانەدا عەلی باپیری شاعیر کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری سلێمانییە و ماوەیەک لە کەرکووک ژیاوە، لەو پارچە شیعرانەی کە هۆنیونییەتەوە، زۆر چەمک و مانای لە شیعرە تورکییەکانی فائیز وەرگرتووە، لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:

**کە من ڕەند و قەڵەندەر مەشرەبم فەرقی نییە دەنگی**

**وەکوو یەک وایە لام کاسەی لەت و جامی جەمی دنیا**

دێڕە شیعرەکەی فائیز:

**شکستە کاسەمی جام جمە ویرمم کە کاسەمدە**

**طعام و امن و آسایش گبی بر نعمتم واردر**

واتاکەی:

کاسەی شکاوی خۆم بە جامی جەم نادەم کە لە کاسەمدا

وەکو خۆراک و ئەمن و ئاسایش، نیعمەتێکم هەیە

لە دێڕە شیعرێکی تردا عەلی باپیر دەڵێت:

**بەشەو وەختێ ئەنووم تاتای خەمی پڕچینی ئەگریجەت**

**لە چاوی ئەشکبارمدا هەموو تایێکی مارێکە**

دێڕە شیعرەکەی فائیز:

**شبدە پستردە غم زلفکلە یوق آسایشم**

**گوز یومنجە چشممە بیک اژدها تمثیل اولور**

واتاکەی:

لە جێ شەومدا لە تاو پێچی زوڵفەکانت ئاسایشم نییە

کە چاو دەنووقێنم لە چاوانمدا هەزار ئەژدیها خۆیان دەنوێنن

ئاشکرایە کە عەلی باپیر ئەم دێڕانەی لە فائیز وەرگرتووە.

ئەو شیعرانەی فائیز کە لە هەستی خۆشویستنی جوانیی نێردا بەرچاوان دەکەون، ڕاستییەکەی لە ڕەنگدانەوەی عەشقێکی پاکی گەردوونی زیاتر چیی دی نین، لە هەموو ژیانیدا بە زمانی تورکی و فارسی شیعری وتووە و دیوانێک لەخۆدەگرن، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەی لەبەر دەستماندایە لە ئاستێکی سنووردارداییە، بڕوامان بەوانەش هەیە کە دەڵێن گوایە پارچە شیعرێکی هەیە کە تێیدا ڕوحی وەبەر شوێنە گەشتوگوزارییەکانی شاری کەرکووکدا کردووە.

## سێ نموونە لە غەزەلەکانی

**منم مانند دف تا پوستم ایچرە استخوانم وار**

**الکدن ای مغنی بیچە هر ساعت فغانم وار**

**فدای چشم بیمارک حنای پای نازکدر**

**اگر بر ناتوان جانم و گر بر قطرە قانم وار**

**تماشاگاە مردمدر آیاق باص منظر چشمە**

**گل ای روح روانم گور نە خوش آب روانم وار**

**صبا ششخانە طابورندە بندن سویلە اول شوخە**

**نشان گللەیە لایق هلە چوق استخوانم وار**

**ذقن سیبیلە شفتالوی لب در روز و شب آغلر**

**چوجق خویلو دل آدلو سینەدە بر ناتوانم وار**

**نشاندر دل تفنگک نازینە زخمک نمایاندر**

**غم آلایندە صاحب رتبەیم فائض نشانم وار**

واتاکەی:

من وەک دەف تا ناوەوەی پێستم ئێسکم هەیە

لە دەستت ئەی گۆرانیبێژی بەچە (ساوا — بچووک) هەموو کات هاوارم هەیە

فیدای چاوی بیمارت و خەنەی پێی نازتن

گەر ڕوحێکی ناتوانا و گەر تەنیا دڵۆپە خوێنێکیشم هەیە

تەماشاگەی مرۆڤگەلە پێ بنێ بەسەر دیدەی چاوانەوە (کە بووە کانیاو — وەرگێڕ).

وەرە ئەی ڕوحی ڕەوانم ببینە کە چ ئاوێکی ڕەوانم هەیە.

سەبا لە منەوە لە شەشخانەی (جۆرە تفەنگ و تۆپێکە — وەرگێڕ) تابووردا (یەکەی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی — وەرگێڕ) بەو شۆخە بڵێ.

کە بۆ نیشانی گوللە شایان بێت هێشتا زۆر ئێسکم هەیە.

بۆ چەناگەی وەک سێوی و شەفتالووی لێوی بە ڕۆژ و بە شەو دەگرییێت.

خووخدەی وەک منداڵ کە ناوی دڵە لە سینەمدا زەبوونێکم هەیە.

بۆ تفەنگی نازت دڵ نیشانەیە و برینت نومایانە (دیارە).

لە ئالای (یەکەیەکی سەربازیی دەوڵەتی

عوسمانییە و بریتییە لە چوار تابوور، کە هەر تابوورێک لە چوار بۆلوک – فەوج پێکدێت – وەرگێڕ)، خەمدا خاوەنی ڕوتبەم (پلەوپایەم) فائیز نیشانم هەیە.

***

نه کسب مال ایچون سعی و نه جاهه رغبتم واردر
قناعت چوق یشاسون سایەسندە راحتم واردر
یوق ایسه کنج مالم، حکمران ملک عرفانم
سواد اعظم فقریله کنز وحدتم واردر
شکسته کاسەمی خوان شاهه ویرمم که کاسەمده
طعام امن و آسایش گبی بر نعمتم واردر
پریشان روزگار و ناتوان ایسەمدە دلشادم
بو حالتلرله چشم و زلف یاره نسبتم واردر
رئیس مجلس رندان ایسەم میخانەدە نوله
امکدارم او باب عالی یه چوق خدمتم واردر
قدەر آخر بنی سوق ایتدی اقلیم خراباته
نه چاره اول یرک صویندە البت قسمتم واردر
هوا و حرص و نفسه، اکل و شربه فائضا قولسک
اوتان بونجه اسارتله دیمه حریتم واردر

واتاکەی:

نە بۆ دەستهێنانی موڵکوماڵ و نە بۆ دەستەڵات ئارەزووم هەیە
هەر بژیت قەناعەت لە سایەیدا ئاسوودەییم هەیە
گەر گەنجینەشم نەبێت، حوکمڕانی موڵکی عیرفانم
لەگەڵ تارمایی لێوانڕێژی هەژاریشدا گەنجینەی یەکتاییم هەیە
کاسەی شکاوی خۆم بە خوانی پاشا نادەم کە لە کاسەکەمدا
جۆرێک لە خۆراکی ئەمن و ئاسایش و نیعمەتێکم هە یە
گەر ڕۆژگارم پەرێشان و هاوکات ناتواناش بم دیسان دڵشادم
بەم حاڵەتانەشەوە بە چاو و زوڵفی یارەوە وابەستەییم هەیە
گەر ببمە سەرۆکی کۆڕی بێدەربەستانیش لە مەیخانەدا چی دەبێت
زەحمەتکێشی ئەو بابی عالییەم و زۆر خزمەتم هە یە
دەرەنجام قەدەر منی ڕاپێچ کردە هەرێمی خەراباتەوە
چارە چییە کە ئەڵبەتە لە ئاوی ئەو شوێنە بەشم هەیە
ئەی فائیز بوویت بە کۆیلەی هەوای نەفس و حیرس و خواردن و خواردنەوە.
بەم دیلییەتەوە شەرمت بێت و مەڵێ کە ئازادیم هەیە.

***

ایلمش خط بر قاش ایکی غمزەء خونخوار اوچ
عقلمی آشفته بر مجروح ایکی بیمار اوچ
پرچم و ابرو و زلف سیاهکده مدام
مضمر اولمش مار بر عقرب ایکی جرار اوچ
أهو و طاوس و طیهودن خراج باج آلور
گردنک بر نازک ایکی شیوەء رفتارک اوچ
عقل و هوش و صبریمی یغما و تاراج ایتدیلر
پوسکلک بر چفیەنک ایکی چپکن زرکار اوچ
صحن گلشندە بنم تک قد موی دالکه
عاشق اولمش سرو بر طوبا ایکی گلنار اوچ
کاکل و خال و خطک وصفیله جان حکمندەدر
ملک چین بر خطەء ماچین ایکی تاتار اوچ
عارض و ابروی رویکدن دمادم عکس آلور
کعبه بر محراب ایکی پتخانەء فرخار اوچ
فائضی رنجور و بیمار و پریشان ایتدیلر
عشق بر جور رقیب ایکی فراق یار اوچ

واتاکەی:

خەتی داناوە یەک برۆ دوو غەمزەی خوێنخوار سێ
عەقڵم ئاڵۆزە یەک بریندار دوو بیمار سێ
(یان، خەت یەک و برۆ دوو و غەمزەی خوێنخوار سێ، عەقڵیان ئاڵۆز کردووم یەک، بریندارییان

کردووم دوو، بیماریان کردووم سێ).

بەردەوام لە پەرچەم و برۆ و زوڵفی ڕەشتدا
شاراوەن، مار یەک دووپشک دوو سپای بێ
شومار سێ

لە ئاسک و تاووس و سوێسکە خەراج و باج
وەردەگرێت (وەردەگرن)

گەردنت یەک نازت دوو شێوەی ڕەفتارت سێ
عەقڵ و هۆش و سەبری (یان) تاڵان کردووم

پەرچەمت یەک چەفیەکەت دوو دەستماڵی
زێرکار سێ

لە سەحنە (مەیدان)ی گوڵشەندا کە وەک من
بۆ ئەو بەژنە زراڤەت

عاشق بوون، سەروو یەک تووبا دوو (داری
تووبا لە بەهەشت- وەرگێڕ) گوڵەهەنار سێ.

لە پەسن (وەسف)ی کاکۆڵ و خاڵ و خەتتدا
لە حوکمی ڕوحدان (یانی، وا خەریکە لە تاو
وەسفی کاکۆڵ و خاڵ و خەتتدا گیان لە دەست
دەدەن و ڕوحیان دێتە بەر لووتیان — وەرگێڕ).

**پاشا (موڵک)ی چین یەک مەملکەتی ماچین
دوو تاتار سێ**

**دەماودەم (پەیتا پەیتا) لە ڕوخسار و برۆتدا
ڕەنگ دەدەنەوە**

کابە (کەعبە) یەک میحراب دوو بتخانەی فەرخار
(بتخانە، پەرستگە، دێر) سێ. ((لە شیعری
عیرفانیدا ڕوخسار و تاقی برۆی یاری مەجازی
(میتافۆر) کە جێندەری مێیینە دەگرێتەوە،
ڕەنگدانەوەی کابە (کەعبە) و میحرابی مزگەوت
و پەرستگەکانە، کە لەسەر ڕووی زەمیندا،
نوێنەرایەتیی خودای پەروەردگار (مەعشووق)
دەکەن، مەجاز کە وشەیەکی عەرەبییە بە زمانی
کوردی مانای ڕێڕەو دەبەخشێت، واتا عاشقبوون
بە ڕوخسار و ئەبرۆی یاری مێیینە کاتییە و
ڕێڕەوێکە بەرەو میحراب و پەرستگە دەتبات، کە
لەوێدایە شوێن و مەکان و پێگەی ڕاستەقینەی
عەشقی حەقیقی (مەعشووق — خودای پەروەردگار
— یان پیری تەریقەت کە عاریفە و نهێنییەکانی
خودای درک پێ کردووە و لەگەڵیدا یەکانگیر
بووە — بۆیەکە لە عیرفانیزمدا، بە تایبەتیش
لە هەردوو ڕەهەندی یەکێتیی بوون و ئیتیحاددا،
جیاوازیی نێوان خودا و عاریف نییە، ئەگەر لە
دید و ڕوانگەیەکی ئەپیستمۆلۆژییەوە لێکدانەوەی
بۆ بکەین- وەرگێڕ)).

فائیزیان ڕەنجوور و بیمار و پەرێشان کرد
عەشق یەک جەوری ڕەقیب دوو فیراقی یار
سێ.

**تێبینیی وەرگێڕ:**

ئەم بابەتەمان لە کتێبی (کرکوک شاعرلری — شاعیرانی کەرکوک — بەرگی دووەم)ی نووسەری تورکمان عەتا تەرزی باشییەوە وەرگێڕاوە و وردە دەستکارییەکمان تێدا کردووە، هاوکات لەو کۆمەڵە شیعرەی فائیز کە خراونەتەڕوو، تەنیا سێ غەزەلمان هەڵبژارد.

سەرچاوە:
کرکوک شاعرلری، ایکنجی جلد، کرکوک، ((جمهریت)) باصم أوی، ١٩٦٨.